

شەیما ئەشرەف:

# حەز ناکەم تەنیا پشت بە جورئەت ببەستم و پێی بناسرێم

لە نواندندا یەکێک لە هۆکارەکانی سەرکەوتن و بەردەوام بوون بریتییە لە پشت بەستن بە توانای هونەرمەندە گەنجەکان و پەرەپێدان بە تواناکانیان بۆ ئەوەی ئەم کاروانە بەردەوام بن. لە وڵاتی مەغریب سەرەڕای نالەباری بارودۆخی ئابووری ئەوا هەوادارانی کاری هونەری بەتایبەتی هونەری نواندن بەردەوام لە زیادبووندان بۆیە چەندین پەیمانگا و کۆلێژی هونەرە جوانەکان کراونەتەوە، شەیما ئەشرەف یەکێکە لەو کچە ئەکتەرانەی کە لە سەرەتای کاری هونەریدایە و تا ئێستا بەشداری لە چەندین کاری نواندن و کلیپدا بەشداریی کردووە، گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەی شەیما کرد لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاودەکەینەوە.

*** لە وڵاتانی جیهانی سێیەم جەماوەر پێویستی بە چییە لە هونەر؟**

- ناتوانین بڵێین تەنیا لە وڵاتانی هاوشێوەی ئێمە جەماوەری سینەما پێویستی بە شتێکی دیاریکراوە، چونکە جەماوەر لە هەر شوێنێك بێت پێویستە بەوەیە سینەما گوزارشت لە شتێك بکات کە بۆ ئەو پێویستە یاخود بە دوای چارەسەریدا بگەڕێت، ڕەنگە گرفت و کێشە و داخوازییەکانی ئێمە لەگەڵ کەسێکی ئەوروپی یاخود ژاپۆنی بە هۆی جیاوازی کەلتوورەکەمان جیاواز بێت، بەڵام هەردوو لامان پێویستمان بەوەیە کە سینەما ڕەنگدانەوەی ئەو داخوازیانە بێت.

*** تێروانینی کۆمەڵگا بۆ هونەر و هونەرمەندان چۆنە، ئایا وەک پێویست ڕێز لە کاری هونەری دەگیرێ؟**

- ئێستا لە کۆمەڵگاکانی هاوشێوەی ئێمەدا کۆمەڵگا تێروانینێکی نەرێنیی بۆ هونەر هەیە و پێموانییە ئەم تێروانینە بە ئاسانی بگۆڕێت، بەڵام تێروانینی خەڵك بە گوێرەی ئاستی تێگەیشتن و ڕۆشنبیرییان دەگۆڕێت، بۆیە هەندێکیان وەك هونەرمەند سەیری ئێمە دەکەن، بەڵام هەندێکی دیکەیان بە سووك و سەرەڕۆ لە ئێمە دەڕوانن، بەداخەوە لە وڵاتی ئێمە ئەوەندەی گرنگی بە هونەرمەندانی بیانی دەدرێت بە ئێمە نادرێت.

*** هونەرمەند چۆن دەتوانێت پەیامی خۆی بگەیەنێت؟**

-خودی ئەکتەر پێویستە هەڵقوڵاوی ناخی ئەو جەماوەرە بێت کە کارەکەی پێشکەشی دەکات یاخود بتوانێت دەربڕی خەم و ئازارەکانی ئەم جەماوەرە بێت وبە جیهانی دەرەوە یاخود لایەنە پەیوەندیدارەکان بگەیەنێت بۆ چارەسەر کردنی بابەتێکی دیاریکراو، دەبێ سەرەتا گوزارشت لە بابەتێك بکات و بە ئەمانەتەوە بیخات ڕوو، و ئەگەر ئەکتەر لە نێو ئەو ژینگەیە ژیا بێت کە فیلمەکە باسی دەکات ئەوا دەتوانێت وەکو خۆی بابەتەکە بخاتەروو و جەماوەریش زیاتر خۆی لەو جۆرە کارانەدا دەبینێتەوە بۆیە لەڕووی جەماوەرییەوە سەرکەوتوو دەبن.

***کەواتە جەماوەری سینەما ئێستا ڕوو لە کەمبوونە ئەگەر هۆکارەکەی چییە؟**

- بەر لە ٢٠-٣٠ ساڵ هیچ بەدیلێك نەبوو بۆ سینەما و سینەماش تاکە هۆکار بوو بینەر بتوانێت هەناسەیەکی تێدا بکێشێت، بەڵام ئێستا پێچەوانە بۆتەوە، ئەگەر نەچی بۆ سینەما هۆکار و شێوازی دیکە هەن کە کاتی خۆتی پێ بەسەر بەریت، هەروەها وەك پێشتریش ئاماژەم بۆ کرد کەلتووری سینەما بۆ نەوە دوای نەوە لە پاشەکشێدایە، ئەو کاتە بەسەرچوو کە دایك و باوك هەفتانە منداڵەکانیان بۆ سینەما دەبرد.

*** ڕوخسار گرنگی خۆی هەیە، ئایا هیچ پشتت پێی نەبەستووە یاخود هیچ لە دەرهێنەرەکان داوایان لێ نەکردووی بەشداری کارێك بکەی تەنیا لەبەر جوانیت؟**

- لە نواندندا دەموچاو و جوانی دەرەوە ڕۆڵی سەرەکییان هەیە، لە سینەما یان تیڤی پێویستە هونەرمەند دەموچاوێکی گونجاوی هەبێت بۆ ئەوەی دەربکەوێت، زۆر لە دەرهێنەران کاریان پێشکەش کردووم کە تا ڕاددەیەکی زۆر جورئەتی پێویستە، بەڵام من حەز ناکەم تەنیا پشت بە جورئەت ببەستم و بەو جۆرە ڕۆڵانە بناسرێم، بەڵکو ڕۆڵی جیاوازم دەوێ دوور لەوەی کە پشت بە جوانی و بەژن و باڵای خۆم ببەستم.

*** هەر کارێکی سینەمایی پەیامێکی دیاریکراوی هەیە کە هەوڵی بۆ دەدات ئایا سینەمای مەغریبی لە پێکاندنی ئامانجەکانی سەرکەوتوو بووە؟**

- سینەماکاران بەردەوامن لە کار کردن و پێشکەش کردنی کاری نوێ ئەمەش خۆی لە خۆیدا مایەی دەستخۆشییە، بەڵام ناتوانم بڵێم سەد لە سەد ئامانجەکەی پێکاوە، ڕاستە سینەمای مەغریبی توانیویەتی کە بوون و شوناسی خۆی دەربخات و ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی بەدەست بهێنیت بە جۆرێك کە شایەنی تێڕامان بێت لە ڕێگەی هەندێك لە فیلمەکانی کە بابەتی کۆمەڵایەتی واقعی چارەسەر کردووە و لە پلەی یەکەم دێت لە خستنەڕووی ئەوە بابەتانەی کە بۆ ئاشکراکردنیان جورئەتێکی زۆریان پێویست بوو، بەڵام ئێستا لە بواری هونەری سەرکەوتنی باشی بەدەستهێناوە، هەروەها ڕەزامەندی بینەریشی بەدەستهێناوە، چونکە بژێوی وواقعی تاڵی ژیان و ئەو کەلێنە کپ کراوانەی لە ژیانی هەر تاکێکی کۆمەڵگە هەیە، دەخاتە ڕوو، بەڵام سەرەڕای ئەمەش هێشتا سینەمای مەغریبی هەموو ئامانجەکانی نەپێکاوە لەوانەش کۆکردنەوەی زۆرترین بینەر.

*** ئایا ململانێ هەستی پێدەکرێت لە نێوان شانۆ و سینەما لە مەغریب؟**

-هونەر بە بەهرە دەست پێدەکات و بە خوێندن کۆتایی دێت، ئەکتەر دەتوانێت پەرە بە تواناکانی خۆی بدات و سوود لە هەڵەکانی ڕابردووی ببینێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی مەرج خوێندن ببێتە هۆی ئەوەی ببیت بە هونەرمەندێکی سەرکەوتوو، چونکە زۆر کەس هەن کە لە بواری هونەریدا بڕوانامەی زۆر بەرزیان هەیە و کەسیش نایانناسێت و بەپێچەوانەش ڕاستە.





# مادلین عاشقی گەشت و گەڕانە

هونەرمەندان و ئەستێرەکانیش وەك هەر کەسێکی ئاسایی حەز و ئارەزوویان لە شتی سەیر و سەرنجڕاکێشە، زۆر جار ئەم حەزەشیان دەبێتە مایەی سەرسوڕمانی کەسانی ئاسایی یان ئەوانەی هەواداری دەنگ و کارە هونەرییەکانیانن.

مادلین مەتەری گۆرانیبێژی شۆخ و شەنگ و سەرنجڕاکێشی لوبنانی زۆر حەز لە زانینی نوێترین هەواڵی جلوبەرگ و مۆدێلەکانی دەکات بەتایبەتی ئەوەی لە خانە ناودارەکانی پاریس دەردەچن، بەڵام لەوە سەیرتر خۆشەویستی بۆ کڕینی نوێترین بۆنەکان بێ سنوورە بەتایبەتی لە مارکە ناودارەکان ئەگەر نرخیشیان زۆر گران بێت ئەوا باکی نییە و خۆی بێبەش ناکات لە کڕینیان، لەم بارەیەوە مادلین دەڵێت: هەموو هونەرمەندێك بەتایبەتی ئافرەتە هونەرمەندەکان پێویستیان بەوەیە لەرووی دەرکەوتن و پۆشینی جلوبەرگ بێ وێنە بن، چونکە جگە لە ساز کردنی کۆنسێرت و ئاهەنگ ئێمە بەردەوام لە بۆنە و فیستیڤاڵەکان بەشداری دەکەین و دەردەکەوین و پێویستە دەرکەوتنمان تا رادەیەك جیاواز بێت لە خەڵکی ئاسایی، چونکە ئێستا میدیاکان گرنگییەکی زۆر بە دەرکەوتنی هونەرمەند دەدەن و بچووکترین هەڵە یان دەرنەکەوتنی بە جوانی دەقۆزنەوە بۆ ئەوەی بیکەن بە باس، مادلین زیاتر دەڵێت: جگە لە جلوبەرگ من عاشقێکی سەرشێتی بۆنم و هەر بۆنێك کە دەرچوو من هەوڵ دەدەم دەستم کەوێت بۆیە ئێستا بە سەدان شووشەی بۆنم کۆکردۆتەوە بەتایبەتی بۆنی فەرەنسی.



# میلا : دایکم ئەکتەر بوو، بەڵام هیچی فێر نەکردم

میـلا جۆڤۆڤیتـش لـە خانمـە ئەکتەرێکی رووسـی و باوکێکی پزیشـکی سـربی لەدایکبـوو، هەر زوو بەرەو لەنـدەن رایانکرد، ئینجا بۆ لۆس ئەنجلۆس، لەوێ درێژەی بە خوێندن دا بەر لەوەی ببێت بە مۆدێل، دواتر بۆ چەند ساڵێك وانەی لە سەمای باڵی وەرگرت و لە هەمان کاتدا دەستی بە کاری نواندن کرد.

دایکـی میـلا ئەکتـەر بـووە و لەم بارەوە دەڵێت: راسـتە دایکم ئەکتـەر بووە، بەڵام ئـەو رێـگای ئەکتەری پێ نیشـان نـەدام، من هەر لە منداڵییـەوە دەمزانی نواندن چییە، نەمدەزانی کە دەبمە ئەکتەر، دایکیشـم کاریگەری بەسـەر منەوە هەبوو، بەڵام نە بە ئەرێنی نە بە نەرێنی لەو بواردا هانی نەدام، بەڵام کاتێك کە مۆدیل بووم، زۆر کەس داوایان لێدەکردم کە روو لە سـینەما بکەم، نەمدەزانی واز لە ئەکتەری یان مۆسـیقا دەهێنم و پێموایە دایکیشـم بە هەمان شێوە بیری لەوە نەکردبۆوە.

سـەبارەت بەو فیلمانەی کە تێیدا ماندوو دەبێت و پێویسـتیان بە توانای جەسـتەیی زۆر هەیە دەڵـێ: ئەمـە زیاتـر پەیوەسـتە بە توانای جەسـتەیی خۆمەوە، من پێشـوازی لـە هەموو ئەو رۆڵانە دەکـەم کـە پێشکەشـم دەکرێـن بـێ ئـەوەی گرنگـی بە جـۆری رۆڵەکان بدەم، راسـتە مـن زۆر رۆڵی درامیـم نەبینیـوە، بـەڵام ئەمـە بۆ من گرنگ نییـە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئـەو کارەی ئەنجامی دەدەم تێیـدا سـەرکەوتوو بـم، زۆر کـەم لە ئافرەتەکان دەتوانن ئەم رۆڵانە ببینـن بۆ نموونە ئەنجلینا جۆلی کە من سەرسامم بە رۆڵەکانی و دەتوانێت لە یەك کاتدا رۆڵی درامی یان ئەکشن ببینێت، منیش دەتوانم ئەمە بکەم، بەڵام ئەنجلینا دەرفەتی زیاتری پێدراوە.



# شەمس: کەسانی دۆڕاو پروپاگەندە دەکەن

شەمسـی کوێتـی یەکێکـە لـەو گۆرانیبێـژە عەرەبانـەی بەوە ناسـراوە کە هەمیشـە مشـتومڕی زۆر لـە ناوەنـدە هونەرییـەکان و لـە نێـو کۆمەڵگای کوێتـی بەتایبەتی و عەرەبی بە گشـتی دەنێتەوە جا بە جلوبەرگـە وروژێنەرەکانـی بێـت یاخود بە لێدوانەکانی کە دەگاتە ئاسـتێك کەسـانێك داوای کوشـتنی بکەن.

شـەمس بە هۆی ئەم هەڵوێسـتانەی دووچاری رەخنەی زۆر بۆتەوە ئەمە جگە لەوەی کە بە دەیـان جـار هەواڵـی سـەیری دژی بڵاودەکەنەوە، لەم بارەوە شـەمس دەڵـێ: من بە ئازادی لە دایکبووم و بە ئازادیش دەژیم، بۆیە هەر چییەك بڕوام پێی هەبێت گوێ بە کەس نادەم ئەنجامی دەدەم، و هەر شتێکیش پێویست بکات قسەی دەربارەی بکەم بە هەمان شـێوە دەری دەبـڕم، ئـەم قسـانەی مـن دەبنە هـۆی توڕە بوونی کەسـانێکی دواکەوتوو و جێماوە لە ژیان.


دەربـارەی پروپاگەندەکانیـش دەڵـێ: ئـەم کەسـە دۆڕاو و ئاسـت نزمانـە، چونکە دڵیان پڕ لە قینە و هەسـت دەکەن لە پێشـکەوتن جێماون، هەڵدەسـتن پروپاگەندەی نا درووسـت و ناڕەوا دژی کەسـانی وەك من بڵاو دەکەنەوە لە نێو کۆمەڵگا، بەڵام با دڵنیا بن هەر خۆیان سووك و ریسوا دەبن و بۆ دواوە دەگەڕێنـەوە، چونکـە مـن هەرچییەکم هەبێت بە ئاشـکرا دەیڵێم، لە هەمان کاتدا هەرچیم بوێت و قەناعەتم پێی هەبێت بێ ترس و دڵەڕاوکێ ئەنجامی دەدەم ئەوانیش با بۆ خۆیان بەردەوام بن لە پڕوپاگەندە بێ بنەماکانیان.



دیلان خۆشناو:

# حەزدەکەم منیش عاشق بم تاکو تێکست بۆ خۆشەویستی بنووسم

لە هەندەران زۆر لە کچ و کوڕانی کورد هەن کە خاوەن بەهرەی هونەرین و تواناکانی خۆیان دەرخستووە لە بوارە جیاجیاکان و توانیویانە جگە لە گۆرانیگوتن بە زمانی دایک، بە زمانەکانی دیکەش گۆرانی بڵێن و لە کۆڕو کۆبوونەوە هونەرییە جیهانییەکانیشدا سەرکەوتوو بوون و خەڵاتی بەرزیشیان بەدەستهێناوە، بۆیە هەواداری زۆریشیان لەو وڵاتانەدا هەیە کە تێیدا پەروەردە بوون. دیلان خۆشناو کە لە خانەوادەیەکی هونەری پەروەردە بوو، یەکێکە لەو کچە کوردە سەرکەوتووانەی کە لە ئەوروپا سەرکەوتوو بووە لە بواری گۆرانی و موزیک، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.



* خانەوادە چ ڕۆڵێکی هەیە لە پێگەیاندنی هونەرمەند؟

- من لە خانەوادەیەکی هونەری گەورە بوومە بێگومان ئەمەش ڕۆڵێکی زۆری هەیە، چونکە هەر بوونت لە نێو خێزانێکی هونەردۆست و هونەرمەند خۆی لە خۆیدا هاندانە.

* باوکت هونەرمەندێکی ناسراوە ئەو هانیدای بێیتە نێو بواری هونەر یان خۆت ئارەزووت هەبوو؟

- باوکم لەگەل ئەوەی هونەرمەندە، بەڵام بەداخەوە هاندەرم نەبووە بۆیە بە هۆی خۆشەیستی و حەزم بۆ هونەر خۆم هەوڵم داوە بچمە ناو هونەر.

* بەرنامەی زە ڤۆیس و ئەو سەرکەوتنەی بەدەستت هێنا چ کاریگەرییەکی بەسەر تۆوە هەبوو وەک کچە هونەرمەندێکی کورد؟

- بەرنامەی زە ڤۆیس هەناگاوێکی زۆری بۆم ڕەخساند وای لێ کردم هەنگاوی زیاتر بۆ پێشەوە بنێم من وەك کچە کوردێك یەکەم. جار بوو بە زمانی کوردی لە تەلەڤزیۆنی ئەڵمانی دەربکەوم و گۆرانی بڵێم. سەرەتا من ناوی خۆم نەنووسیبوو، ئیمێلێکم بۆ هات لەلایەن سەرپەرشتیارانی ئەو بەرنامەیە لە ئەڵمانیا و تێیدا منیان بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی لەو بەرنامەیە بەشداری بکەم، خۆشبەختانە تاوەکو دووەم قۆناغ ڕۆیشتم، بەڵام ئەزموونێکی زۆر باشم لەو بەرنامەیە پەیدا کرد و زۆر شتی نوێی لێ فێربووم.

* گۆرانی وتن بە زمانی بیانی چ سوودێک بە هونەری کوردی دەگەیەنێت؟

- لەبەرئەوەی کەس هاندەرم نەبووە بۆ دروست کردنی گۆرانی کوردی و خۆم گۆرانیەکانم نوسیوە بۆیە زیاتر گۆرانی بیانی دەڵێم هەتا پێم بکرێت تێکەڵ بە گۆرانی کوردی دەکەم بۆ ئەوەی لەگەڵ خواست و ویستی نەوەی ئێستا بگونجێت، حەز دەکەم بەهەموو زمانێك گۆرانی بڵێم، لەگەڵ ئەوەشدا پێمخۆشە گۆرانییەکان بە شێوازی تایبەت بەخۆم بڵێمەوە نەوەك لاسایی هونەرمەندان بکەمەوە، گرنگ ئەوەیە گۆرانی و میلۆدییەکە خۆش بێت، من دەیڵێمەوە و لە سۆشیال میدیا بڵاوی دەکەمەوە.

* تا چەند ئامادەی گۆرانی بۆ کوڕ بڵێی؟

-بێگومان بۆ نا ئەگەر تێکستەکە گونجاو بێت.

* تا چەند سوودت لە گۆرانییە کۆن و فۆلکلۆرییەکان وەرگرتووە لە کارەکانتدا؟

- من لەگەڵ گۆرانی فۆلکلۆر گەورە بوومە لەگەڵ گۆرانییەکانی شەماڵ سائیب و فوئاد ئەحمەد و تایەرتۆفیق، بۆیە سوودم لێیان وەرگرتووە.

* باست لەوە کردووە کە حەز لە حەیران دەکەی وەک کچێک تا ئێستا حەیرانت گوتووە؟

-من زۆر حەزم لە حەیرانە زۆر جار بەشداری بەرنامەی حەیرانم کردووە لە ڕۆژ تیڤی و لە ئاهەنگە خێزانییەکانیشدا حەیرانم گووتووە.

* هونەرمەندە لاوەکان چۆن دەتوانن سوود لە ئەزموونی هونەرمەندانی پێش خۆیان وەربگرن؟

- هونەرمەندە لاوەکان ئەگەر بتوانن زۆر گوێ لە هونەرمەندانی پێشتر بگرن بۆ ئەوەی فۆلکلۆری کوردیمان لە بیر نەچێتەوە .

* ئەی هونەرمەندە رەسەن و بە تەمەنەکان چۆن دەتوانن هاوکاری گەنجان بکەن؟

- پێویستە هونەرمەندە ڕەسەن و بە تەمەنەکانیش یارمەتی و پاڵپشتمان بن ئەوەی ئێمەش سەرکەوتووتر بین لە کارەکانمان. گلەیی زۆر لەوە نەکەن کە ئێستا ستایلی نوێمان هێناوەتە ناو هونەری کوردی، چونکە نەوەی ئێستا پێویستی بە هەردوو ستایلە .

* گۆرانییەکانت تا چەند ڕەنگدانەوەی ناخی خۆتن؟

- تێکستم بۆ گورانی ئینگلیی داناوە، بەڵام ئەو گۆرانییە کوردیانەی کە من دەیانڵێمەوە تێکستەکانی هی خۆم نین، بۆیە حەزدەکەم ڕۆژێك بێت منیش ئاشق بم بۆ ئەوەی منیش بتوانم تێکست بۆ خۆشەویستی بڵێمەوە وبینوسم.

* تۆ بەشی ئەندازیاریت لە ئەڵمانیا تەواو کردووە، بەڵام ئێستا کاری هونەری دەکەیت، پەشیمان نیت لەوەی پیشەکەی خۆی بەجێهێشتووە؟

- لەبەر ئەوەی من ئێستا دەستم بە کارکردووە لەبواری ئەندازیاری تۆزێك کاتم کەم بووە. بەڵام بە هیچ شێوەیەک پەشیمان نیم، هەر کات بخوازم دەتوانم کۆمپانیا دابنێم و کاری ئەندازیاری بکەم، دەتوانم هەردووکیان بەیەکەوە بکەم، بەڵام کاری هونەریم خۆشتر دەوێت لە کاری ئەندازیاری و ئەگەر درفەتم بۆ بڕەخسێت حەزدەکەم کلیپێك بۆ یەك لە گۆرانییەکانم دروست بکەم.

* نوێترین کاری هونەریت چییە؟

- بەرهەمێکە لە ١٠ تراك پێکدێ، سێ لە گۆرانییەکان کۆنن و گۆرانییەك کە لەلایەن هونەرمەند شڤان پەروەر بەناوی من بیریا تە کریە گوتراوە، من بەشێوازێکی نوێ دابەشکردنی میوزیکم بۆ کردووە. هەروەها گۆرانییەکی هونەرمەند لەیلا فەریقیم دووبارە کردووەتەوە، لەگەڵ گۆرانییەکی هونەرمەند کەمال محەممەد. جگە لەوەش گۆرانییەکم بە کوردی و ئینگلیزی و ئەڵمانی گوتووە کە لە ئاواز و تێکستی خۆمە.